

سالار ئیسماعیل سەمین

# ڕەگەز و مەرجەكانی داڕشتنی چیرۆك لە چیرۆكی "هاوار"دا

چیرۆك رەنگدانەوەی ڕووداوەكانی ژینگەی چیرۆكنووسە. پاش بەكارهێنانی مەرجەكانی داڕشتن لەو سەنعەتەدا. چیرۆك بە تەكامولی لە نێو چوارچێوەی كارێكی هونەری ئەدەبیدا لە دایك دەبێ.

شوێن و كات.. سەمبول و رەمز.. شێواز و ستایلی گێڕانەوە.

زمانەوانی و گرێچنی.. لەگەڵ مەنەلوگ و كاری فەنتازیدا. ئەمانە هەمووی فاكتەری سەرەكین لە بنیاتنانی چیرۆكدا. بەڵام رەگەزی «ناوەڕۆك» دڵی چیرۆكە. هەموو ڕووداوێك بە هەردوو دیوەكەیدا. ئایە ئەو ڕووداوە دەڵتەزێن بێ یا دڵخۆشكەر بێ. ئەگەر هاتو مەرجەكانی داڕشتنی چیرۆكی تێدا بێ. بە تایبەت ناوەڕۆك ئەوا ئەو دەقە بە چیرۆك ناوەزەند دەكرێ.

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل یەكێ لەو چیرۆكنووسانەی كۆتای شەستەكانی سەدەی رابوردووە. لەگەڵ نركەی رۆخانە و زەردەژانەكانی دەشتی گەرمیاندا چاوەكانی هەڵهێناوە گەورە بووە. ئەم چیرۆكنووسە پێویست بە پێناسە ناكات. لەبەر ئەوە قەڵەمە بەهێز و بە پێزەكەی. بەڵگەیەكی تۆكمە و پێناسەیەكی سەرنجڕاكێشەرە بۆ خوێنەری دەقەكانی.

لەم لێكۆڵینەوەیەدا. دەمەوێ ئاماژە بۆ ڕەگەزەكانی داڕشتنی چیرۆك بكەم. كە چیرۆكنووس لە داڕشتنی چیرۆكی «هاوار»دا بەكاری هێناوە.

هاوار واتا «الصرخه» ئەم چیرۆکە یەکێ لەو چیرۆکانەی نووسەرە. کە پاش کارەساتی «ئەنفال» واتا بیست و یەک ساڵ پێش ئێستاکە دای رشتووە. وەک ئاگاشم لێیە هەمان چیرۆک وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی. هەرچەندێ چیرۆکنووس بەسەمبول و رەمزێکی شاراوە. ئاماژە بۆ ناوەرۆکی چیرۆکەکەی دەکا. بەڵام بە شێوەیەکی بوێرانە و بێ ترس. لەو حیقبە زەمەنییەدا ئەو چیرۆکەی خستووەتە بەر دیدی خوێنەر.

**لە چیرۆکی هاواردا سەرەتا گێرەرەوەی چیرۆکەکە بە ڕاناوی تاکەکەسی «ئەو» ئاماژە بۆ پاڵەوانی چیرۆکەکە دەکا**

لە چیرۆکی هاواردا سەرەتا گێرەرەوەی چیرۆکەکە بە ڕاناوی تاکەکەسی «ئەو» ئاماژە بۆ پاڵەوانی چیرۆکەکە دەکا. جارجارێکیش چیرۆکنووس پاڵەوانەکە بە مەنەلۆگ خۆی لەگەڵ خودی خۆیدا دەدوێنێ. تەماشاکە پاڵەوان لێرەدا دەڵێ:

«بەم جەستەی پڕ ژان و ژۆمەوە. لە بارێکی ئاوهادا چیم بۆ دەکرێ..؟» «دوو بەژن و نیو کەمتر نەبێ. لە دوو کەمتر نییە». ئەمجارە گێرەرەوە واتا «راوی» لەسەرەتای چیرۆکەکەدا. بە شێوەیەکی شاراوە ئاماژە بۆ شوێنی رووداوەکە دەکا و دەڵێ: «لە سەرەوە ئاسمان بەقەد ساجێک گەورەتر دەبینرا. ژێرپێکانیشی خۆڵێکی خەنەرەنگی لمدار بوو ئەمـــــلا و ئەولاشی وردەچەو بوو. لە بەرزێنی بەژنێکیشەوە بەردێکی قۆقز دیار بوو.» پاش وەسفکردنی دیمەنەکە لەلایەن گێرەرەوەی چیرۆکەکە یەکسەر خوێنەر هەستی ئەوە دەکا کە پاڵەوانەکە لە نێو چاڵێکدایە و هاوار دەکا. بۆ رزگارکردنی. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بۆ دوو شوێن بکەین. یەکەمیان بنی چاڵەکەیە کە سێ بەشی چیرۆکەکەی گرتووەتە خۆی دووەمیانیش ناوچەی گەرمیانە. کە لە هەردە پیادەبەزێنە سەختەکانی زەنگەنەوە هەتا دەگاتە ئەودیوی دێی ملەکەوە. وەک شوێنێکی جوگرافییای بەکاری هێناوە.

**شێوازی گێڕانەوەی بەهێز و بەپێز لە دارشتنی چیرۆکدا. دەبێتە هۆی پێناسەیەکی سەرکەوتوو. بۆ تەکامولبون و بەرقەراربوونی ناوەرۆکی چیرۆک.**

له داڕشتنی چیرۆکەکەدا. هەروەکو لە سەرەتاوە ئاماژەم بۆ کردووە «کات»یش مەرجێکە و ڕەگەزێکە لە داڕشتنی چیرۆکدا.

لەم چیرۆکەدا پاڵەوان ئاماژە بۆ کاتی لەدایکبوونی ڕووداوەکان دەکات و دەڵێ: «کاتێک کەوتمە چاڵەکەوە رووم لە خۆری بەرەبەیان بوو».

لەم چیرۆکەدا دوو کات بەدی دەکرێ. کاتی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ پاش بەهاری ڕەشی ساڵی ١٩٨٨ کە لە دەشتی گەرمیاندا بە دەیان هەزار کەسی بێ تاوان تیاچوو. کاتی دووەمیش بەرەبەیانی ئەو ڕۆژەیە کە ڕەسوڵی پاڵەوان دەکەوێتە چاڵەکەوە. واتا کارەساتەکە لەو کاتەدا رووی داوە کە خۆرەتاوەکە تازە بەرزەوە بووە. لە تەوەرێکی تری چیرۆکەکەدا دوورنییە چیرۆکنووس وەک سەمبول و ڕەمزێکی شاراوە ئەو چاڵەی بەکارهێنابێ.

دوورنییە بە شێوەیەکی تەشبیهی ناوچەی گەرمیانی شوبهاندبێ بەو چاڵەی کە پاڵەوانەکەی تێ کەوتووە. زۆر جار کە نووسەر دەکەوێتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتێکەوە کە بەهیچ شێوەیەک ئیمانی بە ئازادی فیکر و قەڵەم نابێ ناچار ئەو نووسەرە پەنا دەباتە بەر سەمبول و ڕەمز بۆ ئەوەی لە سانسۆر ڕزگاری بێ.

تەماشاکە لێرەدا پاڵەوان چی دەڵێ:

«ئەگەر ڕاستەوڕاست روو لە من بکا. هەر سەعاتێ دوو سەعاتی تری پێ دەچێ. کوڕە بە سێ ڕازیم. بڕۆ تازەردەش بۆ ئەو. هەر شەوم بەسەردا نەشکێ. هۆۆۆ میللەت هۆۆۆ»

ئەگەر هاتوو بە وردی لە وتەی پاڵەوانی چیرۆکەکە وردبینەوە سەمبول و ڕەمزێکی شاراوەمان بۆ دەردەکەوێ. بۆ ئەوەی پاڵەوانی گیرۆدەی نێو چاڵەکە. تەپوتۆزەکەی ڕۆژهەڵاتی چاڵە دەشوبهێنێ بە ئەسپێکی ڕەسەن و پاش دوو سێ سەعات دەگاتە سەر چاڵەکە و هەست بە تینوێتی دەکا. ئەو کاتەی ڕەشمەکەی شۆڕا دەبێ. خۆی پیا هەڵدەواسێ و ڕزگاری دەبێ. لە واقعیشدا ئەسپ ڕەمزێکە بۆ هێز.

تەماشاکە ئەو کاتەی پاڵەوانە لێقەوماوەکە هاوار دەکا و دەڵێ: «هۆۆۆ میللەت هۆۆۆ» لێرەدا دوورنییە کەسانی ترن و گیرۆدەی ئەو ڕۆژگارە قێزەونە بوونە. لێرەدا چیرۆکنووس بە شێوەیەکی وەستایانە ئەسپەکەی کردووە بە ڕەمزێک بۆ ڕزگارکردنی پاڵەوانی نێو چاڵەکە.

کاتێک چیرۆکی «هاوار» بە تێروتەسەلی دەخوێنینەوە. بەتەواوی ناوەڕۆکت بەلاوە گەلاڵە و بەرجەستە دەبێ. هەست بە زۆر شت دەکەی. یەکێ لەو شتانە ئەوەیە کە بە تەواوی بۆت دەردەکەوێ کە چیرۆکنووس لە ناوچەیەکی «فیدراڵ»ی ئاغا و شێخ و دەرەبەگدا ژیاوە. بە

تایبەت ئەو کاتەی کە کوێخا و مەجید و ڕەشۆڵی بازرگان پاڵ دەنێن بە ڕەسوڵەوە. لە پێناو تەماعی خۆیاندا.

لێرەدا پاڵەوانەکە پاش خەیاڵبازییەکی زۆر بیر لەوە دەکاتەوە. بۆچی یەکێک لەوانی لەگەڵ خۆیدا نەهێنا و دەڵێ: «خۆزی مەجە یا ڕەشۆڵم لەگەڵدا دەبوو. بەڵام ئەوان چاوەڕوانی خوانی حازرن. ئێ کە من تیاچووم ئەوانیش دەستیان بە گونم».

لەم چیرۆکەدا نووسەر توانیویەتی ئاماژە بۆ دوو چینی لەیەک جیاواز بکا لە کۆمەڵدا. ئەویش چینی سەرمایەدار و چینی چەوساوەیە.

لە چیرۆکی هاواردا چیرۆکنووس پەنای بردووەتە بەر شێواز و ستایلی گێڕانەوە واتا «السرد»، زۆر جار چیرۆکنووس بە شێوەیەکی پڕ لە ئستاتیک و جوانی و سەرنجڕاکێشەرانە. دەرفەتی گێڕەرەوەی چیرۆکەکەی داوە بدوێ و جارجارێکیش پاڵەوانی چیرۆکەکە بە مەنەلۆگ خۆی لەگەڵ خودی خۆیدا دەدوێنێ. شێوازی گێڕانەوەی بەهێز و بەپێز لە داڕشتنی چیرۆکدا. دەبێتە هۆی پێناسەیەکی سەرکەوتوو. بۆ تەکامولبون و بەرقەراربوونی ناوەڕۆکی چیرۆک.

وەک لە سەرەتادا ئاماژەم بۆ کرد کە ناوەڕۆک دڵی چیرۆکە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم کە زمان کۆڵەکەی ماڵی چیرۆکە زمانی خۆڕسک و بەهێز و بە پێز. دەبێتە هۆی زۆربوونی دەق. هەرچەندێ نامەوێ لە سنووری نووسینەکەم دوور بکەومەوە هەر بۆ ڕۆڵ و کاریگەریی زمانی تۆکمەی ئەدەبی. ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم کە تۆ کاتێک حەمەدۆگی یەشار کەماڵ بە زمانە پاراو و پڕ لە ئستاتیکەکەی عەبدوڵای حەسەن زادە دەخوێنیتەوە یا دایکی مەکسیم گۆرکی بە زمانە جوان و شیرینەکەی کەریمی حوسامی دەخوێنێتەوە. ئەمەندە سەرەنجڕاکێشەر و بەهێزن هەست ناکەی وەرگێڕراون. هەست دەکەی بە زمانی دایک نووسراون.

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل چیرۆکنووس خاوەن ئەزموون و تەجروبەیەکی دووروردرێژە لە بواری چیرۆکنووسیندا. لە هونەری زمانەوانیدا دەستێکی باڵای هەیە لە ڕێکخستنی ڕستەکان و لە سەنعەتی ڕەوانبێژی و چۆنیەتی وەسفی ڕووداوەکانی چیرۆک. ئەو دەسباڵابوونەشی لە هەموو چیرۆکەکانی بەدی دەکەی. بەتایبەت لە چیرۆکی هاواردا.

تێبینی:

*لەڕاستیدا ئەم لێکۆڵینەوەیە دەربارەی چیرۆکی هاوار پاش ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١ی کوردستان نووسراوە. بەڵام سانسۆر بوو بە ڕێگرم بۆ بڵاونەکردنەوەی. هەر بە ڕەشنووسی لە ئەرشیفمدا مابووەوە.*